# خوێندنەوەی نیشانەناسییانەی ڕۆمانی مژاوا
# نووسینی جان دۆست، وەرگێڕانی یای سارا خەنشا


## پوختە:

بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێک، دەبێت بە سەرنجدان بە کەرەستەگەلێک کە دەق دەیخاتە بەردەستمان کەلێنێک بدۆزینەوە تا ڕەخنەی تێدا بکەین و لە ڕوانگەی ئەو کەلێنەوە دەقەکە بخەینە بەر باس و ڕاڤەکردن. بۆ ئەو مەبەستەش بە بۆچوونی من دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی نیشانەکانی نێو ڕۆمان ئەو سووچەنیگایە بەرین بکەینەوە و درێژە بە بابەتەکە بدەین، لەم یادداشتەدا دەمانەوێت بە ئاوڕدانەوە لە چوار هێمای (ئاو، گوریس، تووتن، خەنە) کە لە دەقی ڕۆماندا زەق کراونەتەوە و هەروەها هێمای کەسایەتییەکانی (بادین، ژالە، موژدە) لە ڕێگەی بیردۆزیی نیشانەناسییەوە لە ڕوانگەی زوانەوانی سوئیسی، "فێردینان د سوسور"ەوە ڕۆمانەکە بخوێنینەوە. شایانی باسە لە چەند بەشی جیاوازدا ئاوڕ لە تایبەتمەندیی ڕۆمانەکە دەدەینەوە وەک ڕۆمانێکی مێژوویی و تکنینی گێڕانەوە لەم چەشنە ڕۆمانانەدا باس دەکەین و زۆر بەکورتیش ئاماژەیەک بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە دەکەین.


## پێشەکی:

ئەوەی پێی دەکوترێت نیشانەناسی، بریتییە لە ڕاڤەکردنی واتا دەلالی و نیشانە و هێماکان. لە زمانی ئینگلیزیدا هەر دوو وشەی سیمیۆلۆژی و سیمیۆتیکس بۆ ناولێنانی زانستی (نیشانەناسی) بەکار دێن. نیشانەناسی(semiology ,semiotics) ، زانستێکە کە نیشانە (signs) جۆراوجۆرەکان، هۆکارگەلی ئامادە لە ڕەوتی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردن و لێکدانەوەیان و یاسای زاڵ بەسەر نیشانەکان تاوتوێ دەکات. هەروەها لە چۆنیەتیی پەیوەندی و مانا لە دیاردە و سیستەمی نیشانە جۆراوجۆرەکاندا دەکۆڵێتەوە. نیشانە دیاردەیەکی بەرجەستەیە کە بە یارمەتیی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ دیاردەیەکی نائامادەدا هەیەتی، جێگەی ئەو دەگرێتەوە و نیشانی دەدات. نیشانە هاینە دەبێت ڕواڵەتێکی ماددی هەبێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤەوە هەستی پێ بکردرێت. بەڵام ئەوەی نیشانە جێگەی دەگرێتەوە و ئاماژەی پێ دەکات، دەتوانێت ماددی یان دەروونی، ڕاستەقینە یان

خەیاڵی و سروشتی یان دەستکرد بێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەوەی لەم کۆنتێکستەدا (context) نیشانەیە دەتوانێت لە کۆنتێکستێکی تردا خۆی مەدلوولی نیشانەیەکی تر بێت. لە هەمان کاتدا هەر دیاردەیەک دەتوانێت لە کۆنتێکستە جیاوازەکاندا، ڕۆڵی نیشانەیی جیاواز بگێڕێت. کۆمەڵێک نیشانە و ئەو ڕێسایانەی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا زاڵن، پێیان دەکوترێ کۆد (cod) و هەر لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدایە کە نیشانەکان پێناسە دەکرێن و بەها و مانا بەدەست دەهێنن و بە پشتبەستن بەو ڕێسا و پەیوەندییانەی لەو نیشانانەدا هەن لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن و پەیامێک (message) یان دەقێک (text) پێک دەهێنن. نیشانەناسیی هاوچەرخ لەسەر بنەمای هزری سوسور و پێرس داڕێژراوە. لە دەستپێکی ئەم سەدەیەدا هەریەک لەم دوو زانایە بە شێوەی سەربەخۆ و جیاواز لە یەکدی لەبارەی نیشانە و ڕۆڵ و ئەرکەکانیان تیئۆریگەلێکیان ئاراستە و پێشکەش کردووە کە ئەمڕۆکە بە "نیشانەناسی" دەیناسین .

سوسور پێی وایە کە زوان و نیشانەی زوانی لە زنجیرەیەکی نەپچڕاوەی دووگانی زوان، وتار، دال لەگەڵ مەدلوول، هاونشینی و جێنشینی پێک دێت کە بەیەکەوە دیمەنێکی تەکووز لە نیشانەی زوانی دەخەنە ڕوو. سوسور زوان بە یاسای شەترەنج و وتار بە هەریەک لەو حەڕەکەتانەی کە یاریزانەکە ئەنجامیان دەدات، دەشووبهێنێت. بە بۆچوونی سوسور هیچ فاکتەرێک لە خۆیدا بەها و ئەرزیشی نییە بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فاکتەرەکانی تری نێو سیستەمی زواندا بەها پەیدا دەکات. بۆ وێنە وشەی "شوور" لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نیشانەکانی تری وەکوو "نوور"، کوور"، "دوور"، "توور" مانادار دەبێت. بە ڕای سوسور نیشانەیەکی وەک "دار" پەیوەندییەکە لەنێوان هێمای نووسین و ئەو وێنایەی لە زەیندا دوای بیستنی "دار" دروست دەبێت. پەیوەندیی نێوان نیشانەکان بریتییە لە پەیوەندیی هاونشینی و جێنشینی. بۆ وێنە لە ڕستەی "دایک کتێب دەخوێنێتەوە"، پەیوەندیی نێوان دایک و کتێب و دەخوێنێتەوە پەیوەندیی هاونشینییە و وشەکانی ژن، برا پەیوەندییەکی جێنشینییە. بە دەربڕینێکی تر ئەوەی کە وشەکان بەم شێوەیە لەتەنیشت یەکتر هاتوون پەیوەندی هاونشینییان بەیەکەوە هەیە بەڵام پەیوەندیی جێنشینی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی وێکچوونی ماکە ئامادە و نائامادەکان.

## تایبەتمەندیی ڕۆمانی مژاوا وەکوو ڕۆمانێکی مێژوویی:

ڕۆمانی مێژوویی جۆرێکە لە ڕۆمان کە چیرۆکەکەی ڕابردوویەکی دوورتر لە سەردەمی نووسەر دەگێڕێتەوە و هەوڵ دەدات بەوردی دۆخی مێژوویی، کارەکتەرەکان، ڕووداوەکان، دابونەریت و هەڵوێستەکانی ئەو قۆناغە بئافرێنێتەوە. ئەم ڕۆمانانە زۆر جار تێکەڵییەکن لە کەسایەتییە مێژووییە ڕاستەقینە و خەیاڵییەکان. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕۆمانی مێژووی بریتین لە: شوێنی مێژوویی ڕاستەقینە، لێکۆڵینەوە و وردبینیی مێژوویی، تێکەڵکردنی واقیع و فانتازیا، ڕەنگدانەوەی ململانێ و قەیران. نموونەی ئەم چەشنە ژانرە دەتوانین ئاماژە بە "شەڕ و ئاشتی"، تۆلستۆی (سەبارەت بە هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا) یان ڕۆمانی "کەلیدەر" لە نووسینی مەحموود دەوڵەتابادی (سەبارەت بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی خوراسان لە ساڵانی ١٩٢٠)دا بکەین و لە کوردیشدا دەتوانین ئاماژە بە ڕۆمانی "دمدم" نووسینی عەرەب شەمۆ بکەین.

جان دۆست شاعیر و نووسەری خەڵکی کۆبانی، بە نووسینی ڕۆمانەکانی وەکوو میرنامە، سێ هەنگاو و سێدارەیەک، کۆبانی، مژاوا، دەستنووسی پیتەرزبۆرگ و... ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتیی مێژوویی بە چیرۆک نووسیوەتەوە و لە ژانری ڕۆمانی مێژووییدا جێی پەنجەی دیارە. لەم وتارەدا ئاوڕمان لە ڕۆمانی مژاوا داوەتەوە. جان دۆست لەم ڕۆمانەدا هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەی چارەنووس و ژیانی کوڕی کۆمار واتە بادین، کامێرای ڕووداوگەلی ڕامیاریی کاتی دامەزراندنی کۆمار لە هەر چوار پارچەوە دادەمەزرێنێت و سات بە سات لەگەڵ گەورەبوونی بادین، سووچی کامێراکان بۆ لایەک دەسووڕێنێت و تیشک دەخاتە سەر بەشێکی کارەساتەکانی ئەم ڕووداوە مێژووییە. کێیەتیی و چارەنووسی ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە واتە بادین و کاراکتێرەکانی تر گێڕانەوەیەکن لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد کە گرێدراوی هاڵۆزی و تێکچندراویی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمەن.

وشە سەرەکییەکان: ڕۆمانی مێژوویی، نیشانەناسی، ئاو، گوریس، تووتن، خەنە

## بنەما تیۆرییەکان:

وشەی سیمیۆلۆژی لەلایەن سوسور، زمانەوانی سوئیسییەوە دانراوە کە بەشێک بوو لە دەروونزانیی کۆمەڵایەتی بۆ توێژینەوەی (ژیانی نیشانەکان لە کۆمەڵگەدا) و وشەی سیمیۆتیکس لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن فەیلەسووفی لۆژیکزانی

ئەمریکایی پێرسەوە دانراوە. لێکۆڵینەوەکانی نیشانەناسی بە دوو ڕێچکەدا دەڕۆن، یەکەمیان لێکۆڵینەوەیە لە ئەرکی نیشانە لە بواری گەیاندنی زانیاریدا و سوسور زیاتر لەو بارەوە دەدوێت و ئێمەش لەم ڕۆمانەدا لەم بەشە دەڕوانین. دووەمیان لێکۆڵینەوەیە لە چییەتیی نیشانە و دیاریکردنی پێکهاتە و مەرجەکانی کە پێرس لەو بوارەدا کاری کردووە. ئێمە دەمانەوێت لەم وتارەدا تەنیا ڕوانگەی یەکەم بخەینە بەر باس و تیشک بخەینە سەر ئەو هێمایانەی کە لە پێشەکی وتاردا ئاماژەی پێ کراوە و تاوتوێیان بکەین.

## نیشانە لە ڕوانگەی سوسورەوە:

سوسور باوەڕی وایە نیشانەناسی فێرمان دەکات کە بزانین نیشانەکان لە چی پێک هاتوونە و چ یاساگەلێک حوکمیان بەسەرەوە دەکەن. ناوبراو زمانزانی بە بەشێکی ئەم زانستە گشتییە دەزانێت. بە باوەڕی سوسور، زمان کۆمەڵێک ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە (واتە نیشانەی زمانی و پەیوەندیی نێوانیان) کە لە شێوەی ئاخاوتن دەردەکەوێت. نیشانەی زمانی تەنیا پەیوەندیی شتێک و ناوێک نییە، بەڵکوو پەیوەندیی چەمکێکە لەگەڵ وێنەیەکی دەنگی. نیشانەی زمانی لە بنچینەدا واقیعیەتێکی دەروونزانییە، کە خۆی لە دوو بەشی وێنەی دەنگیی (دال) و چەمکێک (مەدلوول) پێک دێت. دال و مەدلوول لەم ڕوانگەیەوە ئاوا پێناسە دەکرێن: دال هەمان وێنای دەنگییە کە لە مەدلوول جیا نییە. دال دەتوانێت ماددەیەک یان بابەتێکی تایبەت و دیاریکراو بێت و ئەمانیش پێوەبەستراون بە چوارچێوەی واژەوە. سوسور چییەتیی زەینیی مەدلوول بە چەمکی خوێندنەوەی ئەو دیاری دەکات. مەدلوولی وشەی بولبول، بولبول نییە بەڵکوو هێمای زەینیی ئەوە و ناگەڕێتەوە بۆ ماددەیەک لە دەرەوە بەڵکوو دەربڕینێکی زەینی لە شتێکە. سوسور زیاتر جەخت لەسەر نیشانەی سیمبۆلی دەکات و دەڵێت دال و مەدلوول لێک جیا ناکرێنەوە و هەردووک زەینین. بە دەربڕینێکی تر هێما و چییەتی، زەینی و گرێبەستین.

**لێکدانەوە:**

**ئاو**

**هێمای ئاو:**

ئاو وەکوو هێمایەک لەم ڕوانگەیەوە سەرەتا وەک دالێک لە چەند پیت پێک هاتووە کە بیر و هزر بۆ ڕووبار، زەریا، تینووایەتی ڕەکێش دەکات بەڵام دواتر وەکوو مەدلوول لە هەر شوێنەی وێنایەکی زەینی جیاوازی لێ هەڵدەقوڵێت. یەکێ لەوان گرێدراویی ئەمیراڵ ئاغا بە ئاوە کە ئەم وەکوو نیشانەیەک بۆ ئارمانگەراییە بە چەشنێ کە ئەمیراڵ ئاغا بۆ کۆکردنەوەی ئاو سواڵ دەکات و بگرە بۆ تەنانەت دڵۆپە فرمێسکێکیش دەپارێتەوە و تا کۆتاییش هەر ناوەستێت.

وەک چۆن لەم نموونانەدا دەڵێت:

لاپەڕە ٣٠٤ دێڕی ١٩:

لەبەر پەنجەرەی ئەو ڕاوێستا و وەک هەمیشە سواڵی ئاوی دەکرد.

پەیوەندییەکەی تری دالی ئاو و هەندێ مەدلوول. لەنێوان ئاو و کۆمار، فرمێسک و هۆزە بچووکەکاندا پەیوەندییەک هەیە. ئەمیراڵ ئاغا دەیەوێت فرمێسک کۆ کاتەوە و دڵۆپ دڵۆپ بیانکات بە زەریا و هۆزە ناکۆکەکانی هەر چوار پارچە لێک نزیک ببنەوە و یەکگرتوو بن و مسۆگەرنەبوونی لایەنێک لە نسکۆیی ئەوی تردا خۆی نیشان دەدات. گرینگبوونی لایەنی گەورەتر و بچووکتر و کارتێکەرییان لەسەر یەک خاڵێکی جێگەی ئاماژەیە. وەک چۆن لەم نموونانەدا دەیبینن.

لاپەڕە ٢٦٤ دێڕی ٢٠:

دەنگی خوشکی حەمە ڕەسووڵ دەهات کەوا بە ئەمیراڵ ئاغای دەکوت: ئاوم لە ماڵدا نییە، ئەسرینت دەوێت؟ ئەو بەپێکەنینەوە وەڵامی داوە: ئەسرین لە ئاو گەرمتر و سوێرترە، بۆ زەریاکە زۆرتر بەکار دێت. وای کوت و سەتڵەکەی بەرز کردەوە و لە نزیک ڕوخسارییەوە ڕای گرت و دواتر دەستخۆشیی لێ کرد و ڕۆیشت.

لاپەڕە ٢٦٢ دێڕی٧:

ئاو ... تۆش لەبیرت کردووە من سابڵاخ دەکەم بە زەریایەکی مەزن؟ فرمێسکان، فرمێسکان بڕژێنە، درەنگە، دەبێ بەر لە هاتنی زستان هاژەهاژەی شەپۆلان ببیسین.

لاپەڕە ٢٦٣ دێڕی ١٨:

ئەگەر ئاو ئەوەندە گرینگ نەبوایە خودا لە ڕۆژی ڕەمەزاندا ڕێنەدراوی نەدەکرد **!؟**

لاپەڕە ٢٦ دێڕی ١٢:
"من ئەمیڕاڵ ئاغام، لەسەر ڕای خۆمم، بێتوو مەهاباد نەبەنە بەستێنی زەریا، یان زەریایەک لەم کۆمارە چێ نەکەن، ئەوە دەڕووخێت!"

ئاو لە حوکمی دالبوونی بەرەو مەدلوولی زەینی هێماکانی بەرخۆدان و بێهیوانەبوون و پانتاییی خۆڕاگری و بەردامبوون دەڕوات تا ڕادەیەک کە لەم نموونەیەدا ئەمیڕاڵ ئاغا بۆ سەلماندنی ئەمە، ئاوا بەرپەرچی ئەنترانیک دەداتەوە و لەسەر بیر و ڕای خۆی سوور دەمێنێت:
لاپەڕە ١٢٤ دێڕی ٩:
دەنگی ئەمیڕاڵ ئاغا لە نزیکەوە دەهات، باپیرەم پێ کەنی و کوتی: ئێوە دەزانن ئەم شێتە لە نیوەی ئاوەزمەندانی مەهاباد زاناترە؟ ئەو دەردەکەش دەزانێت و دەرمانیشی. بەڵام خەیاڵی ئەو فرە فراوانە، بە دوو چنگ ئاو دەریا وەدی نایێت. نا... شازەریاش وەدی دێت ... دەیبینن.
لاپەڕە ١٦٢ دێڕی ١١:
وەک هەمیشە لەناکاو ئەمیڕاڵ ئاغا لەسەر سەری ئێمە ڕاوەستا و کوتی: خۆزگە زەریایەکمان هەبوایە.

گرینگبوونی ئاو لەڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە دەگاتە ئەوپەڕلوتکە بە شێوەیەک کە ئەمیڕاڵ ئاغا مان و نەمان و بەردەوامبوون و نەبوونی کۆمار تەنیا و تەنیا بە ئاو و بوونی زەریا گرێ دەداتەوە و لە دیالۆگێکدا سەرچاوەی دروستبوونی مرۆڤ بە ئاو دەزانێت وە گەڕانەوەشی بۆ ئاو دەگەڕێنیتەوە و دەڵێ:
لاپەڕە ٣٢٩ چەپکەوشەی ٣ و ٤:
بادین لە تێکشکاندنێکی گەورەتر بترسە. بنوارە ئاو گەیشتووەتە بن جلەکانی گشتمان! نەک تەنیا ئەمیڕاڵ ئاغا بوو بە ئاو، هەر هەموومان دەبین بە ئاو! ئێمە هەموومان دەبین بە ئاو! بەفری ئەوین دەبێت بە ئاو! واتا فرمێسکی ئەسرینی چاوان! کۆمارێکی وەکوو مەهاباد دەبێت بە ئاو، گشت شتێک لە ئاوە و بۆ ئاو دەگەڕێتەوە! هەر خۆی ترێ بە گوشین دەبێت بە ئاوێکی خودایی، مرۆڤان شێت و سەرخۆش دەکات، ئیتر بۆچی من نابم بە ئاو!

لاپەڕە ٢٦ دێڕی ٧:

"زەریا، زەریا نەبێت کۆمار هیچە."

لاپەڕە ١٦ دێڕی ١٥:

"بە پێشەوا بڵێن: بەبێ زەریا نابێت."

لاپەڕە ٢٦٤ دێڕی ٣:

خۆزگە گشت مەهابادییەکان شێت بووبان، هەتا بڕوایان بە من بکردایە!

دێڕی ١٠ لاپەڕە ٢٦٣:

لەبەر ئەمەیە ئاو کۆ دەکەیتەوە؟

ژیانی من بە ئاوە، مردنەکەشم بە ئاوە!

لاپەڕە ٢٦٣ دێڕی ٤:

بە باوکمی کوتبوو: ئەم کوڕێژگەیە بەبێ ئاو دەمرێ، وەکوو ڕەیحانە، ئاو نەبێت دەژاکێ!

لاپەڕە ٨٦ دێڕی ٥:

ئەمیراڵ ئاغای مەهابادیش، ئەمڕۆ هاتە بەر دەرگایماڵەکەم، سەتڵەکەی سەرڕێژ ببوو، دوو سێ هاوڕێشی لەگەڵ بوو، بەبێ ئەوەی سڵاو بکات کوتی: مامۆستا تاسێک ئاو.

لاپەڕە ٢٦٣ دێڕی ٧:

من بە ئاوەوە دەژیم، ئینجا بێتوو پێشییەوە بمرم بۆ خەم نابێت!

دێڕی ٧ هەمان لاپەڕە:

کورد لە ئاو دەترسن، دە بڕۆوە ماڵەکەی خۆت، ئاو لە تۆ نابێت.

شێوەی مردنی ئەمیراڵ ئاغا و نوقمبوونی لە ئاودا وەکوو هێمایەکە لە دۆڕانی ئارەزووە گەورەکان کە بریتی بوو لە دەریا بۆ ئەمیراڵ ئاغا و بۆ ئێمەش کۆماری مەهاباد لە بەرانبەری ئەو ڕووداوە تاڵە ڕامیارییەدا. نسکۆهێنانی کۆمار و خنکانی ڕێک لە خۆکوشتنی ئەمیراڵ ئاغا ڕەنگ دەداتەوە و خۆی نیشان دەدات.

لاپەڕەی ٣٢٥ دێڕی ٧ و ١٧:

ئەمیراڵ ئاغا مرد!

بادین هاوڕێکەت خۆی لە چۆم هاویشتووە!

لاپەڕەی ٣٢٦ دێڕی ٤ و ١١ و ١٣:
ئەو خۆی ڕووت کردبووەوە.
هەر دەیکوت: ئەم بارانە پەڵاویی کردم، ئابڕووتکاوی کردم!
قیژاندی: بەبێ زەریا نابێ، ئەوە نۆ مانگە دەڵێم، بەڵام ئێوە گوێتان سواخ داوە.
وای کوت و خۆی هاویشتە نێو ئاوەکەوە.

## گوریس

## هێمای گوریس:

هەر تەنافێک دەڵێی مێژووەکە لە زوڵم و ستەم و تاڵانی ئەم مێژووەی کوردە کە گوریسفرۆش خەریکە دەیڕێسێت و ئاماژەیە بەو برینە کۆن و کوورانەی خەڵکی مەهاباد کە لە ڕۆماندا دەیخاتە بەر باس.
لاپەڕە ٣٥٢ دێڕی ٥:
ڕاستییەکان هەمیشە بە درەنگەوە ڕووبەندی سەر ڕوویان بۆ لا دەدا، ڕاستی چەنێ ڕوویەکی تاڵی هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو ئەویندارێکی پێکەنیناویی وەک ئەو.
ئیتر مەهاباد بۆ ئەو ببوو بە قەفی پەتێک کەوا ڕۆژ بە ڕۆژ تەنگتر دەبووەوە.
لاپەڕە ٣٣٠ دێڕی ١١:
نازانم بۆ هەر کە باسی پێشەوا دێتە گۆڕ، پەتم دێنەوە بیر!؟ بۆنی گوریسان لەبری سووتمان لە وشەی پێشەوا دێت، وتنی پێشەوا خۆی، پێچان و بادانی پەتانم دێنێتە بەر چاو، تۆ بڵێی بکرێ ڕۆژێ ئەم عەجەمە غەدارانە، ئەستۆ ناسکەکەی پێشەوا بخەنە ژێر بەزەییی پەتێکی ڕۆننەکراو!؟
لاپەڕە ٢٨٩ دێڕی ١:
بە بارزانییان بڵێ با بێن گوریسان بکڕن، چەند مانگی تر لێرە بار دەکەن و پێویستییان بە گوریس دەبێت، هەر نەبێ بارەکانیان پێی شەتەک دەدەن!
لاپەڕە ١٦٨ دێڕی ٦:
خۆت کوتت لاوەی نیوەئەرمەنی، بەردەوام گوریس دەهۆنمەوە و با دەدەم، تۆ نازانی ئەم گوریسانەی من چەنێ کاریان پێ پێک دێ، بزاقی کۆمەڵگە گشتی لەسەر ئەم گوریسانەیە، کەر و دەرماڵەی پێ دەبەستنەوە و شێتی وەک تۆی پێ لە کۆڵەکەی تەکیانە دەبەستنەوە، کۆڵەباری قرش و ئێزنگان و باری هێسترانی پێ شەتەک

دەدەن، تۆپی پێ دەکشێندرێنەوە، بۆ ئەو دۆلکە و سەتڵانەیە کەوا ئاویان پێ لە بیران هەڵدەکێشن، لە کەناراوان گەمییەکانی پێ ڕادەگرن. گوێ لەمەش بگرە: لە ملی مرۆڤانیشی دەئاڵێنن.

## خوێندنەوی هاوکاتی:

ئەگەر بەپێی بیردۆزیی سوسور و بە شێوەی هاوکاتی، چاو لەم نموونانەی خوارەوە بکەین دەبینین نووسەر چەند بە پێکهاتەیەکی پوختەوە گەڵاڵەکانی ڕۆمانی دارشتوووە. نرخی هەموو گوریسەکانی پیرەمێرد سێ تمەن بووە، ژمارەی ئەو مستانەی کە گوریسفرۆش لە کاتی هێرشی سمکۆی شکاک بۆ مهاباد لێی درابوو سێیە، ژمارەی ئەو گوریسانەی بیست ساڵ دوای ئەوە پێیان دا لە ڕۆندا چەوری بکات سێ بوون و بۆ هەر کام لە گوریسەکان سێ تمەنی پێ دەدرێ.

لاپەڕە ٢٨٨ دێڕی ١٢:

هەرچی گوریسم لەلابوو لێی ستاندم و لێی پرسیم: - ئەمانە بایی چەندن؟ .... –ئاغا سێ تمەن بەسە! .... سێ مستی قورسی لە نێو چاو و دەمووچاوی ڕاکێشام و کوتی: - ها ئەوە سێ تمەنەکەت!

لاپەڕە ٣٠٦ دێڕی ١٠:

دووکانەکەم بۆ کردەوە، دەسبەجێ سێ گوریسی هەڵبژاردن و نۆ تمەنی خستە نێو گیرفانمەوە...

لاپەڕە ٣٠٦ دێڕی ١٢:

هەرسێکیان لەنێو ڕۆن نێ و با بەئەمانەت لای تۆ بن، هەتا جارێکی تر دێمەوە! من لێم پرسی: بۆ جۆلانە دەتهەوێن؟ ئەو کوتی: ئەرێ، بەڵام نەک بۆ منداڵان، ئەم گوریسانە بۆ جۆلانەی مردنن!

## تووتن

## هێمای تووتن:

هێمای تووتن و خیانەتی ڕووسەکان. تووتن وەکوو سەرمایە و دارایی کوردانە کە ئەوان دێن و بە تالانی دەبەن. بۆ وێنە سەدان ئاسەواری مێژوویی کوردستان دزراوە و لە وڵاتانی تر لە حەنتیکەخانەکانیان ڕاگرتوون و کردوویانن بە هیی خۆیان. تووتن

سیمبولێکە لە ماڵی کوردان کە لەلایەن زلهێزەکانەوە دەدزرێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تالانی دەکەن.

لاپەڕە ٣٥٥ چەپکەوشەی یەک:

زۆر درەنگ بەمەی زانی کەوا ڕووسەکان پەیماننامەی نەوتیان بە خوێنی مەهابادییان واژۆ کردووە، زۆر درەنگ پێی زانی کەوا ئەو هەمووە تووتنەی لە مەهابادەوە بردیانە مۆسکۆ بوو بە جگەرە و دووکەڵێکی ئەفسانەیی لێ هەستا و ڕاستییەکانی مێژووی لەگەڵ خۆیدا سووتاند، خۆی بەتەنیا لەم شارە دەبینی، قوتووەتووتنەکەی بەدەست گەیشتەوە بەڵام تژیی خوێن ببوو، ئاخۆ خوێنی کچێنێی موژدە بوو یا خوێنی ئەو دڵەی ئەو بوو!

لاپەڕە ١٨١ دێڕی ١:

بۆچی مەهاباد چاوت ناگرێت؟ ئەویش کۆمارێکە لە کۆمارەکانی خودا، ئاڵاشی هەیە، سوپاشی هەیە، پێشەوایەکی هەیە، بۆچی ئەوە تووتنی ئێمە نەبێت؟! ها!

**خەنە**

## هێمای خەنە:

خەنە لە نەریتی کوردەواریدا هێمای شایی و خۆشی و دابێکی کۆنە. خەنە لە کەلتوری کوردیدا بۆ بەزم و شایی و خەنەبەندانی بووکان و سەرلەخەنەدانی دوای چلەهەڵگرتن بەکار هاتووە. نەریتێکە کە بۆ بنج و ڕیشەی کوردان دەگەڕێتەوە. لەم ڕۆمانەدا خەنە ڕۆڵێکی جیاوازتر دەگێڕێت. بووە بە بیرەوەرییە لەدەستچووەکان، پەیوەندیی پچڕاوەکان، وڵاتە بەجێ هێشتراوەکە. دێرسیم و خەنەی دێرسیم بووە بە هێمای مێژوو و چاندێک کە دەرگیری نسکۆ و فەرامۆشی و ستەم بووە. وەک چۆن لە نموونە بەرچاوەکاندا ئاوا دەڵێت:

لاپەڕە ١٨٢ دێڕی ٣:

بەر لەوەی هاوڕێکەم حسێن دێرسیمی ببینم، هەر دوێنێ بۆنی خەنە لە ژوورەکەم بڵاو ببووەوە، دەمکوت ئەوە دراوسێکەم خوشکی حەمە ڕەسووڵە کەوا خەنە بۆ خۆی دەگرێتەوە. هەر بیرم لە دێرسیمی خۆم نەدەکردەوە، کەوا بۆنی خەنەکەی هەمیشە پێش خۆی دەچوو، بۆنی خەنە شۆفاریی ئەوی دەکرد وەک چۆن گوڵخونچە هاتنی بەهار ڕادەگەیێنێت.

لاپەڕە ١٨٢ دێڕی ٨:
پرسیارەکەم دیسان پرسییەوە: مەگەر شارەکان ون دەبن؟! ئەریَ، وەک چۆن خەنە دوای چەند جار شووشتن لە قژ دەچێتەوە، ئەوهاش شارەکان، دوای چەند جار شۆڕش ون دەبن.

## کاراکتێرەکانی ناو ڕۆمان

### بادین ئامێدی:

هێمای کەسێکە کە لە دژبەرییەکی مێژووییدا گیری کردووە و ئەوینی ناسەرکەوتوو و بێ دەرەنجامی وەکوو کچەپووری، ژالە، موژدە نیشانەی دۆڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە کە لە سەردەمی قەیراندا کە کۆماری مەهاباد تووشی بووە و سەقامگیر نییە. نیشانەی مرۆڤێکە کە لەنێوان ئەم هەموو ناتەباییانەی نێو مێشکی خۆیدا گیری کردووە. ئەوەی بچێت ببێت بە پێشمەرگە یان بگەڕێتەوە بۆ لای موژدە، ژالە؟ کامیان.
لاپەڕە ٣٥٦ دێڕی:
(ژیان.. زەنگێکی... دەنگبەرزە... بەڵام نا ... بیسترێت،.. تەنیا... ئەوەی... وا ژیانی... کۆتایی...پێ... هاتبێ... دەیبیسێت. منیش کەڕ... بووم... چی تر... هیچ... دەنگ... یَ... نا... بی....سم.)

### هێمای ژالە:

خوازەیەکە بۆ خیانەتەکانی ناوخۆیی و سیخوڕی و دەستێوردانی وڵاتانی زلهێز، هۆکارگەلیی لاوازبوون و ڕووخانی کۆمار و خێڵەکانی تر کە تا چ ڕادەیەک لەگەڵ کۆماردا بوونە و چۆناوچۆن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان خیانەتیان کردووە یان چەندەیان لە ڕووخانی کۆماردا ڕۆڵ گێڕاوە و خودی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دژبەیەکیی دەروونی و نەبوونی یەکگرتوویی کە لەنێو کورداندا هەبووە و ئێستایش هەر هەیە.

لاپەڕە ٣٥١ و ٣٥٢ دێڕی کۆتایی:
لەو دەمانەدا کەوا ژاڵە لە ئاکسفۆرد خوێندنی زمانی ئینگلیزی تەواو کردووە و لە ڕێگەی هاوڕێیەکی زانکۆیەوە... بە هەموو سۆزانیخانەکانی لەندەنی زانیبوو...

بادین تازە پێی زانیوە کەوا ژاڵە هۆنراوەکانی گۆرانی وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی و بە ئینگلیزییەکانی کوتووە ئەمە هۆنراوەی منن! تازە پێی زانیوە کەوا ژاڵە دەگەییشتە هەر ناوچەیەک برینێکی نوێی بۆ ئامادە دەکرد.

## هێمای کەسایەتیی موژدە و خێڵی شکاک:

هێمای خیانەتی بەکۆمەڵ و تاک. هاوسەرگیریی موژدە لەگەڵ کەریم شکاک دەتوانێت خوازەیەک بێت بۆ خیانەت. موژدە بۆ بەرژەوەندیی تاکی خۆی خیانەتی بە بادین کرد و دەتوانین بڵێین هاوسەرگیریی کەریمیش خیانەتێک بوو بۆ بەرژەوەندیی خێڵی خۆیان لە دژی کۆمار بۆ ئەو کاتەی کە زانییان کۆمار بەرەو نەمان دەڕوات پشتی کۆماریان چۆڵ کرد. دەرەنجامی ئەمەش دەری دەخات کە نەبوونی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی لەنێو خێڵ و هۆز و حوکوومەتەکانی کورددا چەندە دەتوانێت بۆ مان و نەمانەوە کارتێکەر بێت.

لاپەڕە ٣٣٤ دێڕی ٢:

شکاکەکان چوونەتەوە واری خۆیان، دەڵێی ئێرە بۆیان زۆزانەهەوار بوو و ئیتر زستانە و دەبێ ڕوو لە ئارانەکان کەن! نە کۆمار و نە کوردستان، هەرگیز لە بیریاندا نەبوون،... نەک تەنیا ئەوان، بەڵکوو گەلێک لە هۆزەکانی تریش کۆچ دەکەن.

لاپەڕە ٣٣٦ دێڕی ٦:

شکاکەکان نە تەنیا پشتیان لە کۆمار کرد، بەڵکوو کۆخی ئەوینی تۆشیان بەرد بە بەرد هەڵوەشاندەوە، کەریمی هاورێی تۆ، ئەندامی ژێ.کاف، نێچیرڤانی بایە نامۆکان تۆی بانگهێشتی مردنی تۆ کرد و بە شاییەکەی خۆی دڵی تۆی کوشتەوە! زاوا ئەو بوو و بووکیش موژدە!

## تایبەتمەندیی وەرگێڕان:

جێگەی خۆیەتی لە کۆتاییدا دەستخۆشیی لە مامۆستا سارا خەنشا بکەم کەوا ئەوین و تاسە و خۆشەویستیی چەندین ساڵەی خۆی بۆ زمان و نەتەوە و چاندی کوردی لە ڕێگەی تانۆپۆی وشەکانی ئەم تەونە بەپیتە چنیوە و دایڕشتووە و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە. یەکێ لەو تایبەتمەندییانەی کە وای کردووە دەقە وەرگێڕدراوەکە زەنگین و ڕەنگین بێت بە شێوەیەک کە خوێنەر زیاتر سەرمەستی زمانی وەرگێڕان بێت تا لایەنەکانی تری ڕۆمان، نزیکبوونەوەی زمانی وەرگێڕان لە

زمانی شیعرییە. تایبەتمەندییەکی تری وەرگێڕانەکە ئەمەیە کە وەرگێڕ یەکگرتوویی و یەکرپیزیی گەلی کوردی بە کەڵکوەرگرتن لە وشە ڕەسەنە کوردییەکان و بە بەکارهێنان و هێنانە پاڵ یەکدی وشەی زاراوەکانی تری زمانی کوردی وەدی هێناوە. یای سارا خەنشا وا لێهاتووانە بە سۆرانی کردووە کە هەست بە دەقێکی وەرگێڕدراو ناکەیت بە شێوەیەک کە بوێرانە دەتوانم بڵێم ئەو ناسکی و ڕەوانی و خۆشییەی لەم وەرگێڕانەدا هەیە لە دەقە سەرەکییەکەدا نییە. هەستناسکیی وەرگێڕ جێی تێڕامانە. وا لە بەردەنگ دەکات پاپۆڕی خەیاڵ و هەستی لەسەر ڕووبارێکی ئارام و هێوری بێ شەپۆل بەڕەوانی پاڵ دات. هیوادارم ڕێگەی پڕ ڕێبوار بێت و بمێنێت بۆ گەل و نیشتمانمان. لە خوارەوە وەکوو نموونە دوو بەشی بچووک لە شێوەی وەرگێڕانەکەی م.سارا دێنمەوە کە لە زمانی شیعر نزیک بووەتەوە.

لاپەڕە ٢٢٧ چەپکەوشەی ٥:

ئەمشەو ... لەژێر ئەم زنارە لاڵەی وا من پاڵم وێ داوە و لەژێر ڕۆناهیی ئەم هەیڤە دلۆڤان و ئەم هەسێرە لێوبەبزانەدا، بیرەوەرییەکانی پارەکەم دەنووسمەوە.

لاپەڕە ١٠٤ چەپکەوشەی چوارەم:

لە پەنجەرەوە دەڕوانمە دەرەوە، بە ترووسکانەوەی هەر برووسکەیەک دارمێوەکە لە هەتیوێکی ڕووت دەچێت کەوا لەژێر پلووسکی مزگەوتدا ڕاوێستاوە، من و خەو پەتێکی نەدیو ڕەکێش دەکەین. ئەو تۆزێک زەفەرم پێ دەبات و بەرەو خۆی پەلکێشم دەکات، بەڵام من خۆم بە ژانەکانمەوە دەسپێرم و پەتە نەدیوەکەی لە دەست دەڕفێنم.

## شێوەی گێڕانەوە (تەکنیک):

تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە مێژوویییەکاندا زۆر گرنگە، بەو پێیەی نووسەر دەبێت هاوسەنگیی لەنێوان وەفاداری بۆ مێژوو لەگەڵ سەرنجڕاکێشانی گێڕانەوەدا هەبێت. لەم ژانرەدا تەکنیکەکانی گێڕانەوە بە ئامانجی دووبارەدروستکردنەوەی ڕابردوو و بەشداریکردنی خوێنەر لە جیهانێکی دووردا بەکار دەهێنرێن. هەندێک تەکنیکە باوەکان بریتین لە : ئافراندنەوەی زمان و چۆنیەتیی دەربڕینی (تۆن، لەحن) قۆناغی مێژوویی، تێکەڵکردنی واقیعی مێژوویی و خەیاڵی، بەکارهێنانی بەڵگەنامەی ساختە یان نامە و بیرەوەری، وەسفکردنی وردەکارییە ژینگەیی و کولتوورییەکان کە هەندێکمان لە توێی نموونە نیشانەناسییەکانی سەرەوە ئاماژە پێ کرد. هەڵبەت دەبێت بگوترێ جان دۆست جێ جێ خۆ لە ڕێئالیزمی جادوویی دەدات بەڵام لەبەر

ئەوەی لە چوارچێوەی ڕۆمانی مێژوویی لا نەدات بەئەنقەست قووڵ نابێتەوە و لێی دەکشێتەوە. بۆ نموونە چاو لە شێوەی لەدایکبوون و مردنی ئەمیراڵ ئاغا بکەن:

لاپەڕە ٢٦٢ دێڕی ١٦:

سا ئەمیراڵ ئاغا کراسەکەی هەڵکرد و ئەو باڵانەی وەک باڵی ماسی لە گورچیلەکانی دەرکەوتن پێی نیشان دام!

لاپەڕە ٣٢٦ دێڕی ١٥:

من بەو چاوانەی سەرم بینیم کەوا ئەو بۆخۆی بوو بە ئاو، ئەرێ بادین بڕوا بکە. ئەو بوو بە ئاو و لەگەڵ چەم کەوت! بڕوا دەکەم، ئەو ئاو بوو، گەڕایەوە بۆ بنەچەکەی خۆی!

## کۆبەندی:

نووسەر بە کەڵکوەرگرتن لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان نەمامی هۆکارگەلیی کارتێکەر لەسەر نەمانی کۆمار دەنێژێت و لە پەراوێزدا شکەستی شیخ مەحموودیش هەر بەو هۆکارە گرێ دەداتەوە. جێگەی ئاماژەیە بڵێین ڕۆمان لە چوار چرا وەکوو چوار وەرز پێک هاتووە و سێ چرای لە زاری باخەوان بادینەوە دەگێڕدرێتەوە، لێ چرای چوارەم بە ڕۆیشتنی پێشەوا و کۆمار دەکوژێتەوە. زمان و کەسایەتیی بادینی سەرگەردانیش بۆ گێڕەڕەوەی هەمووشتزان دەگۆڕدرێت.

ڕستەی کۆتایی ڕۆمان:

گشت چراکان کوژانەوە. پێشەوا قازی محەممەد ئیتر بەرەو سێدارەی چوارچراوە دەچێت.

بەم پێیە هەوڵمان دا لەڕووی نیشانەناسییەوە ئاوڕێکمان لە مژاوا دابێتەوە و ئەو دەست و پێوەندییانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەم بۆچوونە _ بە بەستنەوەی بۆ ژانری ڕۆمانی مێژووویییەوە _ لێک بدەینەوە. بەرچاوە کە ئەم خوێندنەوە تاکە ڕۆچن بۆ خوێندنەوەی مژاوا نییە و دەکرێت بە گۆشەنیگای کۆمەڵناسییەوە دیسان ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

(فەرزانە عەبدوڵلازادە، کەژیار)

**سەرچاوەکان:**

-خوێندنەوەیەکی نیشانەناسیی بنیادگەری بۆ شیعری (لە کتێبخانەی تایبەتیی بابا تاهیردا، سەباح ڕەنجدەر

-نشانەشناسی امیر رضایی پناه و سمیه شوکتی مقرب

-ڕۆمانی مژاوا

-تێڕوانینی نوێ بۆ هێرمۆنۆتیک و ڕاڤەی ئەدەبی لە وەرگێڕانی د.عادڵ محەممەدی

-سیستەمی جوانیناسانە لە گوتاری "سێبەری ئەوین"دا بەپێی ئاراستەی نیشانی-واتاناسی